
# هەموارکردنی یاسا یان هەموارکردنی بۆچوونەکان

مافپەروەر/ ئیبراهیم بەهائەدین
دادگای بەرایی هەولێر



کاتێک باس لە هەموارکردنی یاسای باری کەسی دەکرێت دیارە لە ئەنجامی بوونی کێشەیە لە کۆمەڵگەدا. بەڵام ئایا هەموارکردنی یاسا لە هەموو کاتێکدا چارەسەرە؟ راستە هەندێکجار یاسا هۆی گرفتەکانە، بەڵام زۆرجاریش کێشەکان لە هۆکاری ترەوە سەرچاوە دەگرن کە هەرگیز بە هەموارکردنی یاسا چارەسەر ناکرێن.

کێشەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە داب و نەریتە چەوتەکانی کۆمەڵگا سەرچاوە دەگرن، کە لە ناخ و بیروبۆچوونی تاکەکاندا کەڵەکە بوون و تاقیکردنەوەش ئەوەی سەلماندووە کە کێشەی لەو جۆرە بە هەموارکردنی یاسا چارەسەر نابێت.بۆ نموونە: هەموارکردنی یاسای ناوبراو بە (غسل العار) بەمەبەستی کەمکردنەوەی کوشتنی ئافرەتان بوو، بەڵام ئەم دیاردەیە ئێستا زیاتر بووە لەبڕی ئەوەی کەم ببێتەوە، چونکە ئەو کەسەی ئافرەت بەو ناوە ئەکوژێ بەلایەوە گرنگ نییە ئایا سزاکەی توند دەبێت یان لەسەری سووک دەکرێت. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەرەتا پێویستمان بە راستکردنەوەی بۆچوونەکانمان هەیە بەرامبەر بە ئافرەت .ئینجا دواتر ئەتوانین سوود لە هەموار کردنی یاسا وەربگرین چونکە بۆ ئەوەی یاسا سەرکەوتوو بێت پێویستە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا بێت. زۆرێک لەپرۆژە و پێشنیار ئەخرێنە روو بەناوی ئافرەتان بێئەوەی هەڵقوڵاوی ویستی زۆرینەی توێژی ئافرەتانی کۆمەڵگا بێت و رەنگە بە زەرەری ئەوانیش تەواو بێت. بۆیە ئێمە پێویستە ئامار و راپرسی تایبەت بەکۆمەڵگەی خۆمان هەبێت لەکاتی خستنەرووی هەر پرۆژەیەک چونکە یاسایەکی نامۆ بە کۆمەڵگا گرفتی نوێ دێنێتە کایەوە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بنەماڵە زەنگینەکان گرفت بۆ کچەکانیان دەنێنەوە لەکاتی شوکردندا، بۆ ئەوەی سەروەت و سامانیان بەهۆی میراتگرییەوە لە بنەماڵەکەیان دەرنەچێت! واتە ئەگەر میراتی زیاتر بۆ ئافرەتان بریاڕدرا کێشەکان قووڵتر دەبنەوە و توندوتیژی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

مەسەلەی پێشخستنی کۆمەڵگا مەسەلەی مامەڵە کردنە لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان، بۆیە پێویستی بە ئارامگرتن و کارکردنێکی راستگۆیانە هەیە، ئێمە سەرەتا دەبێت رەفتار و گوفتارمان یەکبخەین و راستگۆبین لەگەڵ خۆماندا ئەوسا ئەتوانین گۆڕانکاری دروست بکەین لە کۆمەڵگەدا. ئێمە خۆمان بە پێشکەوتوخواز دەزانین و گوایە لەگەڵ رەوتی پێشکەوتن هاوشان رێدەکەین و ئامادەین ئافرەتانمان مۆبایلیان هەبێت، بەڵام لەناخماندا ئامادە نین متمانەی تەواو دروست بکەین لەنێوان خۆمان وئافرەتان، لەوانەیە تەنها نمرەیەکی نامۆ لەسەر مۆبایلەکانیان بەدی بکرێت کار بگاتە کوشتنی ئەو ئافرەتە! دەی، خۆ یاسای سزاکان ئامادەیە بۆ سزادانی تاوانبار، بەڵام ئایا ئەم یاسایە توانیویەتی پێش لەو دیاردەیە بگرێت؟

**من ئامادەم کۆڕ ساز بکەم و رۆژنامەو گۆڤارەکان پڕ بکەمەوە بە قسەی زل زل دەربارەی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز،**
بەڵام هەرگیز ئامادەنیم لە ناو ماڵی خۆمدا بەیەکسانی لەگەڵ کچ وکوڕم رەفتار بکەم. یاسا بەتەنها ناتوانێ رێگەم پێ بگرێ لە جێبەجێکردنی ئەو بۆچوونەی خۆم باوەڕم پێی هەیە ، ئەوە نییە لە ژێر سایەی یاسای وڵاتێکی ئەوروپیش بێت ئافرەت ئەکوژرێت؟ ئەوە چونکە بۆچوونەکان لەناو ناخی تاکەکاندان، بۆکوێ بڕۆن لەگەڵیان دان. ئافرەت هەتا ئێستاش لە هەموو کۆمەڵگەکاندا وەکو پردێک بەکار دەهێنرێت بۆ پەڕاندنەوەی مەرامە تایبەتییەکان: لەلایەن سیاسەتمەدارەوە باسکردنی مافەکانیان پردی پەڕینەوەیە بۆ دەسەڵات، بازرگان و کۆمپانیاکان بەشێوەی داوی ماسیگر، کریارەکانی پێ راو دەکەن ....هتد، لێرەشدا ئافرەتان خۆیان تارادەیەک خەتابارن. رێکخراوە مافخوازەکان، بەتایبەتی لە ئافرەتان پێویستە لەسەر ئەو تەوەرە کاربکەن، کە بۆچوونی کۆمەڵ بەرامبەر ئافرەتان بگۆڕن. ئەگەر بەراستی ئامانجیان چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتانە. واتە پێویستە کاربکەین لەسەر هەموارکردنی بۆچوونەکان بۆئەوەی هەموارکردنی یاسا بەهانامانەوە بێت.